بەرنامە و پەیڕەوی یەکێتی دیمۆکراتیکی کوردستان

**پێشەکی:**

بە دەستپێکردنی سەدەی 21، خولێکی نوێ بە ناوی خولی شارستانیەتی دیمۆکراتیك هاتۆتە ئاراوە و تەکنەلۆژیا وەکو بناغەی ئەم خولە گۆرانکاری ریشەیی لە پێکهاتە ئابووری و _سەرهەڵدانی شۆرشی زانست کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووریەکان پێك هێناوە. پێشکەوتنەکانی زانست و پەیوەندی بۆ هەمووان ئەو هەلەی رەخساندوە کە هەر چەشنە زانیاریەك بە دەست بهێنن و بە سەردەمی سنووردار کردنی زانیاریەکان بۆ چینێکی کەمینە کۆتایی بهێنن. بەم جۆرە دەروویەك کراوەتەوە بۆ گۆرانکاری بناغەیی لە پێکهاتە زەینییەکانی تاك و ئاکار و هەڵس و کەوتی لە کۆمەڵگا دا. چیدی تاك و کۆمەڵگا لەو چوارچێوە و سنووردارکردنانەی دەسەڵاتە ئۆتۆریترەکانی بالآدەست ئازاد بوون و هەل و مەرجی رۆشنبیری و وشیارییان بۆ رەخساوە.

پێشکەوتنەکانی جیهان لەم خولە نوێیەدا، تاوتوێکاریەکانی پێشوو لەمەر کۆمەڵگا و چینەکان و هەروەها ئەو کلیشە زەینیانە و سیستەمەکانی گرێدراوی ئەوانی وا لێ کردووە کە ئاورێك بۆ دواوە بدەنەوە و تۆزێك لە خۆیان بکۆڵنەوە. هەوڵی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی بۆ نوێکردنەوە و درێژەدان بە ژیانی خۆی و هەروەها هەڵوەشان و لە بەریەك چوونی ریال سوسیالیزم، دەرەنجامی ئەم رەوتەن.

سیستەمی سەرمایەداری کە زانیویەتی چیدی بە رێکردە ئیستیعماریە کلاسیك و نوێیەکانی خۆی ناتوانێ لەو قەیرانانەی کە هاتوونە سەر رێگای و بووبن بە لەمپەر لە بەردەم ئامانج و ویستەکانی، تێپەر بێت، لە سەر بنەمای دەرەنجامەکانی بەرهەمی شۆرشی زانست_تەکنەلۆژیا، درێژەی دەسەڵاتی خۆی لە پەرەپێدانی نۆرمەکانی دیمۆکراتیك زانیوە و بە کەڵك وەرگرتن لە رێکردی ریفۆرماسیۆن، بەرەبەرە لایەنی شارستانیەتی دیمۆکراتیك بە سەرمایەداری دەدا و بۆ جیهانی کردنی سەرمایە، شێوەی"دەوڵەت_نەتەوە" ی کلاسیك و هەموو ئەو سیستەمە ناگونجاوانەی وەکو پێکهاتە دین سالار و سەڵتەنەتی و ئۆتۆکرات و ئۆلیگارشەکانی بە کۆسپ و تەگەرە بۆ ئەم بابەتە داناوە و گۆرِانکارییەکی بنەرِەتی لەوانەی وەکو کارێکی پێویست و سەرەکی گرتۆتە بەر.

یەکێ لەو خاڵە سەرەکیانەی هەل و مەرجی ئێستاکە، دەستێوەردانی ئەمریکایە لە رۆژهەڵاتی ناوین دا. رژێمە دین سالار وئۆلیگارش و ئۆتۆکراتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە رەگ و ریشەیەکی قووڵی مێژوویان هەیە، بە بیروڕای فاناتیزمی دینی و پێکهاتەی پشت بەستوو بە ناسیۆنالیزمی تەنگ، کۆسپ و تەگەرەی زۆر مەزنیان خستۆتە بەر رێگای پێشکەوتنی دیمۆکراتیك و ئازادانەی نەتەوەکان و پێش خستنی شێوەی نوێی حکوومەتداری جیهانی. هەر بۆ ئەوەش تێپەربوون و دەربازبوون لەو لەمپەرانە بیوە بە بابەتێکی هەرە گرینگ و پێویستی ئەم ناوچەیە.

دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوین تاکو ئێستاش لێهاتووی و توانای گۆرانکاری لە سەر بنەما دینامیزمەکانی ناوخۆییان لە خۆیان پیشان نەداوە. هەر بەم بۆنەشەوە دینامیزمەکانی دەرەوە خەریکی جێ بە جێ کردنی ئەم رەوتەن. بۆیەش قۆناخێکی نوێ بە کارتێکردنی جیهانی دەستی پێکردووە و لە گەڵ ئەوەش رێگا بۆ پێشکەوتنی هێزە دیمۆکراسی خوازەکان خۆش بووە. هەل و مەرجی نوێ بیوە بە هۆی دژایەتی زۆر لە نێوان لایەنگرانی گۆرانکاری و هێزە موحافیزەکارەکان دا.

بێ گومان پێشکەوتنەکانی مەزنی گۆرەپانی زانست و پەیوەندیەکان و ئاستی بەرزی بە کارهێنانی تەکنەلۆژیا، دەرەنجامی شۆرشی زانست_تەکنەلۆژیا لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمن. ئەم ئاستی پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایە دژ بە پەیوەندیە ئابووریەکان و پێکهاتە رووبەناییەکانی خولی "دەوڵەت_نەتەوە"یە و بۆ هاودەنگ بوون و گۆنجان لە گەڵ ئەوانەدا بەرەو گۆرِانکاریان دنە دەدا.

لە پەیوەندی بەم ئاستی پێشکەوتنەدا، کاراکتەر و تایبەتمەندی دژایەتییە کۆمەڵایەتیەکانیش گۆرانکارییان تێدا کراوە. کێشەی سەرەکی ئەم خولە، بە دوو شێوەی جیاواز لە گەڵ مەسەلەکانی رۆژ دا دەردەکەون: یەکەم، لە نێوان دەسەڵاتدارانی شۆڤێنی "دەوڵەت_نەتەوە" و نوێنەرانی کۆسمۆپۆلیتیکی سەرمایەی جیهانی و دووهەم، بە شێوەی دژایەتی لە نێوان نەتەوەکان بە هۆی دوو هێزی ناوبراو، خۆی دەنوێنێ. شارستانیەتی دیمۆکراتیك بە پشت بەستن بەم دوو مەسەلە سەرەکیە لە پێشکەوتن و گەشەدایە.

ئاستی ئێستای پێشکەوتنی زانست_تەکنەلۆژیا و بایەخەکانی مرۆڤی لە دۆخی گەشەدا سەلمێنەری دەربازبوون لەو نیزامە کۆنانە و گەیشتن بە خولی بێ دەوڵەت و سنووردار کردن و مەودای چینایەتیە لە سەر بنەمای بەرابەری و ئازادی و دادگەری.

گرینگی دەسپێکردنی بزوتنەوەی دیمۆکراتیك بۆ مرۆڤایەتی لە بەرامبەری قەیرانی سیستەمی گلۆبال، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەردەکەوێ. هەڵنەچوون و توندوتیژی نەکردن لەهەمبەر کار وکردەوەکانی دەوڵەت دا، هەر وەك چەپە کلاسیکەکان، وەکو شێوەیەکی بەرزی خەبات خاڵێکی گرینگ و سەرەکیە. هەروەها یەکێ لە پرەنسیپە سەرەکیەکانی شێوە و چۆنیەتی خەباتی نوێ، هێوری و پەلە نەکردنە لە بەرامبەری دەوڵەت دا. کێشەکان نە بە هەڵوەشانی دەوڵەت و هەڵوێستی شەرەنگێزانە سەبارەت بە ئەو و نە بە کەڵك وەرگرتن لە ئامێرەکانی دەوڵەت چارەسەری دەکرێن. بە پێچەوانە، هەر چەندە دەوڵەت دەسەڵاتی زۆرتر بێ، کێشە و گرفتەکان زیاتر دەبێ و تا هەر رادەش کە لە باڵادەستی و ئینسیاتیڤی کەم ببێ، بە هەمان ئەندازە کێشەکان بەرەو دۆخێکی باشتر دەچن. ئەم فۆرمۆلە لە واقیعییەت نێزیکترە. دوور بوون لە دەوڵەت و یان لە کاتی پێویست دا ئاشتیەکی سنووردارو تەسك، لە بۆ چالاکیەکانی کۆمەڵگای دیمۆکراتیك گرینگیەکی زۆری هەیە. مۆدێلی کۆمەڵگای دیمۆکراتیك خۆی لە کاتاگۆرییەکانی چینایەتی و نەتەویی دەوڵەت دا ناگرێ و وەهاش کە هەموو هیوای بە دوارۆژ بێ و یاخود پشت بە بیر و برِوای وشك و ئەوانەی رابردوو بەستێ، نیە.

کۆمەڵگای دیمۆکراتیك پێویستی بە نوێخوازی لە شێوەی بیر کردنەوەی دیمۆکراتیك و سیاسەتی دەرەوەی سنووری دەوڵەت و جیاواز لەوەی هەیە. بە تێروانینێك بەو کردەوە و گوتارانەی کە بە ناوی دیمۆکراسی، وەکو دیاردەیەکی سەرەکی خولی ئێمە خۆی دەنوێنێ، دەتوانین بڵێین کە رەخنە گرتن و تێپەر کردنی هەندێ خاڵی تایبەت پێویستیەکی ئەوتۆی هەیە.

لە دۆخێکدا کە دیکتاتۆرانەترین کردەوەکان بە کەڵك وەرگرتن لە دەستەواژەی دیمۆکراسی ئەنجام دەدرێن و ئەم زاراوەیە وەکو ئامێرێکی دماگۆژی بە کار دێنن، دەتوانین ئاستی ئەو هەوڵانەی کە بۆ دزێو نیشان دانی سیمای ئەو دەدرێن، گۆش بکەین. چیدی خولی دیمۆکراسی کلاسیك کە تا ئاستی خزمەت بە چینێکی کەمینە و هژمۆنیك دابەزیبوو، تێپەر بووە. دیمۆکراسی هاوچەرخ لە ئاستی جیهانی دا و بە پشت بەستن بە سازشکاری هاوبەش مانای گرتووە و وەکو سیستەمێك کە هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگا لە خۆ دەگرێ، پەرەی سەندووە. هەر بۆ ئەوەش یەکێ لە خاڵە سەرەکیەکانی خەباتی دیمۆکراتیك بە گەر خستنی پێناسەیەکی دروست و راستە لە دیمۆکراسی و تایبەتمەندیەکانی.

دیمۆکراسی هاوچەرخ تەنیا بە نوێنەرایەتی بۆ چین و توێژێکی تایبەت سنووردار ناکرێ. بەڵکو یەکێ لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەو گۆرانی ئەو پەیوەندیانەیە لە نێوان هێزە ستەم لێکراوەکان و هێزەکانی هژمۆنیك، و پێك هێنانی دۆخێکی مامناوەندیە لە نیوان ئەوان دا. لە حاڵێك دا کە مەشرووعییەتی خۆی بە دەست هێناوە و لە گەڵ یاسا و رێسا جیهانییەکانیش دا پر گونجاوە، ئامانجی سەرەکی ئەو کۆتایی هێنانە بە مەشروعییەتی نادیمۆکراتیك و رەهای دەوڵەت.

دیمۆکراسی سیستەمێکی سیاسیە کە لە گیر و گرفتی تەواوی چینەکانی کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە و لە رێگەیەك بۆ چارەسەریان دەگەرێ. لەم سیستەمە دا کێشەیەك نیە کە چارەسەر نەکرێ. توانا و هێزی چارەسەری بە مەرجی پابەند بوون بە فەلسەفە و بنەما و پرەنسیپەکانی پشت بەستوو بە داهێنانی یاسای سروشتی ئەو، پێك دێت. هەڵبەت ئەمە پێویستی بە کەلتووری بە هێزی رووناکبیری هەیە. فێرکاری، پایەی سەرەکی و بنەرەتی دیمۆکراسیە. نابێ لە رێگەی دماگۆژی و دەرفەت خوازیەوە کەڵکی خراپی لێ بگیرێ. لە دیمۆکراسی دا "تابۆ" نیە، بەڵکو دیمۆکراسی بۆ خۆی تریاقی هەموو ئەو گرفتانەیە کە لە تابۆیەکی توندوتیژ کەوتوون.

نابێ دیمۆکراسی وەکو ئامرازێك بۆ دەسەڵاتی چینێکی تایبەت یان نەتەوەیەك و گرووپێکی دینی بەکار بهێندرێت. دیمۆکراسی سیستەمێکە کە لەودا مافی ئازادی دوان و خستنەرووی کێشە و گرفتەکانی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا بە بێ لەبەر چاو گرتنی تواناکانیان، پارێزراوە.

لە دەوڵەتێك دا کە دیمۆکراسی بە تەواوەتی فام نەکرابێ و پێناسەیەکی دروستی لێ نەخرابێتە بەردەم جەماوەر، نابێ لە رێگەی دەوڵەت یا بە کەڵك وەرگرتن لەو رێکردە دیمۆکراتپکەکانەی ئەو، کێشەکان چارەسەر بکرێن. چوونکە ئەوە تەنها ئەبێ بە هۆی بەرفراوان بوونی دماگۆژی و بڵاوبوونەوەی بێ بەندوباری.

یەکێکی تر لە پرەنسیپەکانی دیمۆکراسی ناسینی کەسایەتی ئەوانی دیکە و رێز دانان بۆ مافەکانیانە. هۆی سەرەکی هەموو نەخۆشیە سیاسیەکان ئەوەیە کە هەندێك بە هۆی دەوڵەت، خۆیان بە نوێنەری خودا دادەنێن و ئەمەش بەڵگەیەکی ناڕاستە بۆ ئەوەی خەڵکی دەورووبەریان چووك و پەست بزانن.

پلە و پایەکانی کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵگای چینایەتی دا تووشی بونبەست بوون، بە پێی ئەم رێنوێنە زەینیە، هەڵوێستێکی نوێ و زەمینەسازی پێشکەوتنیان کردۆتە بنەمای کاری خۆیان.

رێگە چارەی کۆمەڵگای دیمۆکراتیك، دەرەوەی سیستەمی کلاسیك و بە بێ لەبەر چاو گرتنی بەرێوەبەرێتی دەوڵەتی و بە بێ ئەوەی لە بەرامبەری چین دا، چین و لە بەرامبەری توندوتیژی دا، توندوتیژی و یاخود

هەڵوێستێکی لەم چەشنانەی هەبێ، دەتوانێ پەرە بستێنێ. ئازادی هەر بەو ئەندازە کە ئارمانجێکی جوان و پاکژی هەیە، پێویستیشی بە ئامێری جوان و پاکژ هەیە.

## کێشەی کورد و چارەسەری دیمۆکراتیکی ئەو:

### ئ) کێشەی کورد لە ئێران:

کێشەی کورد یەکێ لە کۆنترین گرفتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستە کە هێشتاش هەر چارەسەر نەکراوە و وەکو خۆی ماوەتەو. خەباتی نەتەوەیی_دیمۆکراتیکی کورد لە تەوەری ئەم مەسەلە دا کارتێکراوی گۆرانکاری ئێستەکانەی ناوچەیە و تەنانەت رۆڵێکی هەرە گرینگیش لەم رەوتەدا دەبینێ.

بارودۆخی نوێ پتر لە رابردوو هەلی بۆ چارەسەری کێشەی کورد رەخساندووە و نەقشی ستراتژیکی کوردەکانی لە نوێکردنەوەی ناوچەکەدا ئاشکراتر کردووە.

خەبات لە تەوەری سیاسەتی دیمۆکراتیك و ئاشتی خوازانەدا لە خولی شارستانیەتی دیمۆکراتیك، رێکردێکی بنەرەتی و بناغەیی بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکان. ئەم رێکردە بۆ چارەسەری کێشەکانی ناوچەش جێگەی زۆر سەرنجە و دەبێ گرینگی پێ بدرێت. دیارە ئەو سیاسەتە هەلآنەی کە لە سەر بنەمای هەڵوێستی فاناتیکی دینی و چینایەتی و ... هتد دامەزراون رێکردێکی گۆنجاو بۆ چارەسەر کردنی کێشە ئابووری و سیاسی وکۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان و بە تایبەت کێشەی کورد ناخەنە روو.هەر بۆ ئەوەش مکور بوون لە سەر ئەم سیاسەتانە بە مانای پێ داگرتنە بۆ چارەسەر نەکردنی کێشەکان. گرینگی ئەم بابەتە لە کێشەی کورد دا کە تایبەتمەندی ناوچەیی و نێونەتەوەیی خۆی هەیە، پتر دیار دەدا.

بێ گومان ئێران وەکو یەکێ لەو دەوڵەتانەی ناوچە، لە رەوتی گشتی گۆرانکاریەکان جوێ ناکرێتەوە. لە بەر سیستەمی دین سالار و پێکهاتەی ئایدۆئۆلۆژیکی ئەو، دەوڵەتانی دیکە بە بونبەست گەیشتوون و توانای وەڵام دانەوە و چارەسەری و گۆران لە سەر پێودانگی دیمۆکراتیك لە بەرامبەر قەیرانی نەتەوەیی کەلتووری و سیاسی و بارودۆخی نائاسایی بەربڵاوی کۆمەڵایەتیان، نەماوە. رژێمی ئێران هێشتاش هەر لە سەر ئەو شێوە دیکتاتۆری و میلیتاریستی و دژ بە دیمۆکراتیکانەی خۆی سوورە. لە لایەکی دیکەشەوە سیستەمی دین سالار، لە رەوتی نوێکردنەوەی سیستەمی جیهانی وەکو کۆسپی سەرەکی لە بەر رێگای پێشکەوتنی سەرمایەداری جیهانی دا لە قەڵەم دەدرێت. بەم جۆرە تێپەڕ بوون لەم کێشەیە ببوە بە مەسەلەیەکی گرینگ لە ئاستی جیهانی دا.

کێشەی کورد لە ئێران، بە تایبەت، گرینگییەکی پتری سەبارەت بە گرفتەکانی دیکە هەیە. کورد و چارەسەری کێشەی ئەو، لە رەوتی گۆرانکاری ناوچە دا بارودۆخێکی ستراتژیکیان پەیدا کردووە. خۆ پارستن لەو هەڵوێستە کلاسیکە حاشا کەرانە و چارەسەری کێشەی نەتەوەیی_ئەتنیکی کورد بە رێکردی یەکێتی ئازاد و دیمۆکراتیکی نەتەوەکان و بە دان نان بە لەمێژینەی مێژوویی و نێزیکی کەلتووری نەتەوەکانی ئێران گرینگترین هۆکاری پێك هاتن و پێشکەوتنی دیمۆکراسیە و رێگە بۆ چارەسەری کێشەکانی دیکە خۆش دەکا.

چ بەر لە سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامی و چ پاش ئەویش، حکوومەتی یۆنیتری فارسی و شۆڤینی مەزهەبی لە هەر جۆرە سیاسەتی حاشا و ون کردنی مافەکان سەبارەت بە کورد درێخی نەکردووە و هەموو خواست و ویستی سیاسی و نەتەوەیی و دیمۆکراتیکی گەلی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانی بە کوشتن و دابران وەڵام داوەتەوە و تا هەنووکەش هەر ئەم سیاسەتە بەردەوامە. بە تێپەر بوونی سەدەی بیستەم و دەسپێکردنی سەدەی بیست و یەك، زۆربەی دیکتاتۆرەکان لە ناو چوون و نەتەوە بندەستەکانیش بە مافە نەتەوەیی و دیمۆکراتیکەکانی خۆیان گەیشتن. کەچی هێشتاش هەر کۆماری ئیسلامی لە دیکتاتۆریەت و بە کار هێنانی هەر جۆر زوڵم و زۆری نەتەوەیی سەبارەت بە گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد دەستی هەڵنەگرتووە و نەتەوەی کوردیش وەکو نەتەوەکانی دیکەی جوگرافیای ئێران لە بەندی زوڵم و جەوری رژێمی ئاخوندی دایە.

ئەوا پێنج ساڵ لە سەدەی بیست و یەکەمیش تێپەر بوو، بەڵام کۆماری ئیسلامی هێشتا چووکترین هەنگاوی بۆ چارەسەری قەیرانەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەڵنەگرتووە و رێگای تیرۆر و بەرگری لە تیرۆریزمی کردۆتە رێنوێنی خۆی و بە دامەزراندنی ناوەند و دامەزراوە ناوەکیەکان هەوڵ بۆ پاراستنی رژێمی دیکتاتۆری خۆی و بە مەترسی خستنی کۆمەڵگای دیمۆکراتیکی جیهانی دەدا.

خەفە کردنی هەر چەشنە دەنگی ئازادیخوازی لە نێو نەتەوەکانی ئێران و پێشێل کردنی مافە مەزهەبیەکانی دین و مەزهەبەکانی دیکە و ناتۆر کردن بە حورمەتی پێرەوەکانیان و لە ژێر پێ نانی مافی ژن و سەرکوت کردنی چالاکیە دیمۆکراتیکەکان و داخستنی ناوەندە مەدەنیەکان و بەستنی رۆژنامە و گۆڤارەکان و تیرۆر و کوشتنی خەڵکی شۆرشگێر و ئازادیخواز، لەو وانانەیە کە کۆماری ئیسلامی لە سەدەی بیست و یەکەم دا بە کۆمەڵگای جیهانی دەبەخشێ.

لە بەر ئەوە خواستی ماف و ئازادیە نەتەوەییەکان بۆ گەلی کورد لە هەل و مەرجێکی ئاوەها دا زۆر بە جێ و رەوایە و خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئەودا مەشرووعیەتی نەتەوەیی هەیە. بونیات و پێکهاتەی پاساکانی هەموو رژێمەکانی دەسەڵاتداری ئێران، لە سەر بنەمای رەت کردن و بەرهەڵستکاری لە بەرامبەر مافەکان بووە و هەر بەو بۆنەشەوە زەمینەی سروشتی بۆ گەڵاڵە کردنی رەوتە نەتەوەگەرایی و جیاییخوازەکان لە نێو کوردانیش دا رەخساوە و کاردانەوەی سروشتی لە هەمبەر ئەو سیاسەتە هاوشێوەسازی و ئاسیمیلاسیۆنە نەتەوەییەش دا بە شێوەی بزوتنەوە و راپەرینە ئازادیخوازەکان خۆی نیشان داوە. ئەمە لە حاڵێك دایە کە هەڵوێستی شۆڤینی و چاکترخوازی گەلی فارس لەهەمبەر نەتەوەکانی دیکە، لە گەڵ پێشینەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دا پارادۆکسی هەیە و لە مێژووی هاوچەرخیش دا زەمینەی بۆ راپەرینی گشتگیری نەتەوەیی ئەم گەلانە و بە تایبەت گەلی کورد لە بار و خۆش کردووە.

## ب)چارەسەری دیمۆکراتیکی کێشەی کورد لە ئێران:

یەکێ لە مەسەلە بنەرەتیەکانی چارەسەری دیمۆکراتیك، چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵ و دیمۆکراتیکە. کورد هەموو کاتێ لە گۆرانکاریەکانی مێژووی ئێران دا دەورێکی گرینگ و بنەرەتی بینیوە و کەلتووری ئەو یەکێ لە هۆکارە سەرەکیەکانی زەنگینی کەلتووری ئێران بووە. کورد هەتا ئاستی نەتەوەکانی دیکە و بە تایبەت فارس لە شکڵ گرتنی مێژووی ئێران دا رۆڵی بینیوە.

لە خولی هاوچەرخ دا بە هۆی سیاسەتە شوڤینیەکانی رژێمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران، گەلی کورد لە مافی پێشکەوتنی ئازادانەی نەتەوەیی_کەلتووری و هەموو ئەو مافە سەرەکیە مرۆڤایەتیانەی خۆی بێ َ بەش کراوە. بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش دەبێ کورد لەو دەسەڵاتە دیکتاتۆر و دین سالارەی کە بۆتە کۆسپی بەر رێگای پێشکەوتنی نەتەوەیی_کەلتووری دەرباز ببێ و لە چوارچێوەیەکی دیمۆکراتیك دا هەوڵ بۆ دەستەبەر کردنی مافە رەواکانی خۆی بدا. تەنیا ئەم رێکردەیە کە پێشکەوتنی ژیانی ئازادانەی گەلی کورد گەرەنتی دەکا و دەبێ بە هۆی گەشە سەندنی زمان و کەلتووری ئەو. گەلی کورد لەم قۆناخەدا وەکو پێشەنگی دیمۆکراسی لە ئێران دا رۆڵی خۆی بینیوە و بە زانست بەم رۆڵە مێژووییە،وەکو کلیلی چارەی مەسەلەی ئێران بۆ ئەو مەبەستە تێدەکۆشێ.

## **راپەڕینی سێهەمی رەشەمەی 1999 و تاوتوێکاری سیاسی ئەو**

لە دوای سەرکەوتنی شۆرشی ساڵی 57 ی گەلانی ئێران و باڵادەستی کۆماری ئیسلامی، رەوتە کوردیەکان بە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆیانەوە نەیانتوانی بەرەنگاری هێرش و قەتڵ وعامی ئەرتەش و سوپا و میلیشای بەسیج بینەوە و بە ناچار بۆ دەرەوەی سنوورەکان پاشەکشەیان کرد و لە عێراق دا سەقامگیر بوون و دەرەنجام، رژێمی تئۆکراتی ئێران، کوردستانی داگیر کرد و بەم جۆرەش شەبەق و کەلێنێکی مەزنی فیکری و سیاسی کوردستانی داگرت. بە کردەوە کوردستان لە هەر جۆرە چالاکیەکی حیزبی وەدەرکەوت و بە تەواوی گۆرەپانی سیاسەت کەوتە بن رکێفی رژێم. لە لایەکەوە نەبوونی ئامێرە جیدیەکانی پروپاگەندە، بگرە لە رادیۆ و تەلەفزیۆن و تەنانەت کتێب و رۆژنامەش، بە تەواوەتی گۆرپانی بۆ رژێم چۆڵ کردوو و بۆشاییەکی گەورەی چ لە بواری جوگرافیا و چ لە ئاستی سیاسی_فیکریەوە لە نێوان گەلی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزب و پارتە کوردیەکان دا پێك هێنا و لە لایەکی دیکەشەوە چالاکیکارانی سیاسی نێو جەماوەریش هەریەکەو بە جۆرێ، یان لە بەندیخانە کران یان سێدارەیان بۆ هەڵخرا و ئیدی شەپۆلێك لە بێدەنگی سیاسی باڵی بە سەر کوردستانی ئەم بەشە دا کێشا. ئەم بارودۆخە بە شەهید بوونی زۆر لە کادر و ئەندامانی "کۆمەڵە" و "دیمۆکرات" گەیشتە دوندی خۆی و شەری ئێران و عێراقیش بیانوویەك بوو تاکو ئێران توندوتیژتر لە جاران گۆپاڵی زوڵمی بە سەر پەیکەری خەباتی گەلی کوردی رۆژهەڵات دا بکوتێ.

ئازاد بوونی باشووری کوردستان لە دوای شەری عێراق و کوێت و ئەو پێشکەوتنە سیاسی و نەتەوەییانە کە لەم بەشەی کوردستان دا رووی دا لە گەشە پێدان و باوەر بوونی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان دا رۆڵێکی گرینگی بینی.

لەم نێوەندەدا پێلێکی مەزن لە قوتابی زانکۆکان و روناکبیران لە پێناوی بووژاندنەوەی رۆحی نەتەوەگەرایی لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردی دا، قۆناخێکی دیکەیان لە رەوتی ئازادیخوازی گەلی کورد دەسپێکرد. لە کوردستان و لە ئاهەنگای زانکۆکان دا بە دەیان وەرزنامە و مانگ نامە و هەفتەنامە و هەروەها ناوەندی ئەدەبی و کۆری شیعر دامەزران و هەزاران لاو و تازەلاویان لە دەورویشتی خۆیان کۆ کردەوە. بەڵام هەر بە تەنیا ئەم شێوەی خەباتە نەیدەتوانی وەڵامدەری کێشەی کوردی ئەم بەشە بێت. چوونکە پێك هێنانی رێکخراوێ کە بتوانێ بە بیرێکی نوێ و تەگبیرێکی سیاسی بێتە نێو گۆرەپانی سیاسەت و خەبات، پتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویست بوو. پێشکەوتنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی باشووری کوردستان و توندی خەباتی حیزبی کرێکارانی کوردستان لە باکووری کوردستان و لە تورکیا و بە رێخستنی کاناڵی سەتەلایتی"ماد تی وی" لە لایەن ئەم حیزبەوە و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی خۆی لە هەر چوار پارچە دا بە دروشمی "کوردستانی گەورە و سەربەخۆ"، بە تەواوی گەلی کوردی وروژاند و بەو هۆیەشەوە سەبکی وتاری ئەدەبی لە رۆژهەڵات دا چوارچێوەیەکی تازەی بە خۆ گرت و زەمینە بۆ خوڵقانی نەسڵی سێهەم لە رێکخستنی نوێ دا رەخسا.

لە گەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی خاتەمی وەکو سەرۆك کۆماری چاکساز و ئاڵاهەڵگری دروشمی ئێرانێکی دیمۆکراتیك و ئەو دروشمانەی کە کوردیش مافی نەتەوەیی و سیاسی خۆی هەیە و دەبێ پێی بدرێت، ئەو نەسڵەش(نەسڵی سێهەم) پێی نایە نێو گۆرەپانی باڵبەندیە سیاسیەکان تا بەڵکو بتوانێ لەم فەزایە بۆ گەیشتن بە مافە سەرەکیەکانی گەلی کورد کەڵك وەربگرێ. لە پێناوی ئەو کێشانەی کە لە گۆرپانی سیاسی ئێران دا هاتنە ئاراوە، واتا دۆراندنی بزووتنەوەی ریفۆرم خوازان و پتر بوونەوەی هێزی باڵی راست و باڵادەستی ئێران، ئەم نەسڵی دینامیکی بزاڤی نەتەوەییە کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنی دا خوازیاری بە دەست هێنانی مافی نەتەوەی کورد بوو، تێگەیشت کە دەبێ بۆ دۆزینەوەی ئەدرەس لە ناخی خۆی دا بگەرێ. ئەم نەسڵە زانی کە هەرچی زووتر و لە گەڵ گۆرانکاریەکانی جیهانی دا، کە بە دەسپێکردنی سەدەی بیست و یەکەم چاوەروان دەکران، دەبێ خۆی بۆ رێکخستن ئامادە بکا و بە پێك هێنانی رەوتێکی نوێ و مۆدێرن، وەڵامدەری ئەو کەلێن و دابەزینانەی ئەم 15 ساڵی دواییە بێ. ئالێرەدایە کە باس لەمەر گرینگی و بوونی نەسڵی سێهەم ئاشکرا دەبێ. هەڵبەت نە بەو نیازەی کە جوگرافیای تایبەت بە خۆی هەبێ. بەڵکو مەبەست چەمکی سیاسییەتی. واتا ئەو نەسڵەی کە بەرگری بەشداری و کاری هاوبەش بێ بۆ پێشکەوتنی هێزەکانی دیکە. ئەم نەسڵە نەك بۆ پەرلەمان و بە دەست هێنانی کورسی و دەسەڵاتی زۆرتر، بەڵکو بۆ فرەچەشنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بە دەست هێنانی خواست و ویستی گەلی کورد، پێویستیەکی مێژوویی بوو. رۆژهەڵاتی کوردستان وەکو پارچەکانی دیکەی کوردستان نیە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. بەم بۆنەشەوە مەحاڵە کە هەموو ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانە لە چوارچێوەی یەك رێکخراو یا دوو حیزب دا بگونجێن و بپارێزدرێن. لێرەدا مەسەلەکە لە سیستەمی دوو حیزبی دەرباز دەبێ و بەرەو سیستەمی گلۆباڵ_پلۆرالیستی هەنگاو هەڵدێنێ.

بە سەرنج دان بەم راستیانە، تاك رەوەی و قبووڵ نەکردنی جۆراوجۆری رەنگەکان و نەبوونی کەلتووری دان نان بە بوونی یەکتر و ... هتد، لەو بابەتانەیە کە بە راشکاوی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بە دی دەکرێن. لێرەشەوە بەراشکاوی دەتوانین بڵێین کە راپەرینەکانی بەربڵاو و سەرانسەری 1999 کە لە دوای گیرانی "عەبدوڵڵا ئوجەلان" رووی دا، زەنگی مەترسییەك بوو بۆ ئۆپۆزیسیۆنە کوردیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. دیارە ئەدەبیاتی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا ئەدەبیاتێکی سنووردار و لاوازە. بە تایبەت کە لەودا هیچ جێگایەك بۆ پلۆرالیسم و هێزبەخشین و دنەدانی یەکتر بە دی ناکرێت.

لێرەدایە کە پێویستی بە هێزێکی تازە پتر لە هەر کاتێکی تر خۆی دەنوێنێ. هێزێك بە دوور لە دەمارگرژی و دوگمای ئایینی و ئایدۆئۆلۆژیا رادیکاڵەکان. هێزێك کە ئاڵای گەنجی و نوێگرایی لە بەرامبەری چەمکە کلاسیکەکاندا هەڵگرێ و بیشەکێنێتەوە. ئەم نەسڵەش بەر لە هەر شتێك دەبێ رێکردی نەتەوەیی هەبێ و هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك هەنگاوی پێ شل نەکا و بە بێ لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی حیزبی، لایەنی گونجاو سەبارەت بە هەموو حیزب و رێکخراوەکان هەڵبژێرێ و بە بیر کردنەوە لە راستای بایەخە نەتەوەیی و جیهانیەکانی هاوچەرخ دا کەلێن و بۆشاییەکان دابگرێ و لە گۆرِەپانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان دا رۆڵی خۆی ببینێ.

## تایبەتمەندیەکانی گۆرِانکاریە دیمۆکراتیکەکانی ئێران:

ئ)تێپەرِ بوون لە سیستەمی دین سالار

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پرۆسەی جیهانی بوون لە بوارە ئابووری و سیاسی و کەلتووریەکان دا، گۆرانکاری زۆری لە شێوەی ئیدارەی کۆمەڵگا دا پێك هێناوە و شێوەی حکوومەتیی بە ڕێکخستنێکی نوێ ناچار کردووە. لە گەڵ پەرە سەندنی ئابووری جیهانی، توانا و هێزی دەوڵەتە نەتەوەیی و ئایینییەکانیش بۆ ئیدارەی کۆمەڵگا سنووردار کراوە.

شێوازی دەسەڵاتداری لە ئێران تا سەرەتای خولی مەشروتیەت، شێوازێکی رەها بوو. پاشان هەندێك گۆرانکاری تیدا کرا. بە سەرهەڵدانی شێوە و سیستەمی سەرمایەداری لە ئێران، زۆر کەلێنی گەورەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی نوێ پێك هاتن. بەردەوام بوونی بەرەنگاری دەوڵەت لە بەرامبەر هێزە کلاسیکەکان و داکۆکی لە هێزە کۆمەڵایەتیە مۆدێرنەکان، کۆمەڵگای ئێرانی کرد بە دوو بەش. هێزە کلاسیکەکان کە رۆحانیەکان ناوەکی سەرەکی ئەویان پێك دەهێنا، رووبەرٍووی هێزە مۆدێرنەکانی رۆژئاواگەرا بوون. نوێکردنەوە لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکان دا کەلێنی قووڵ و بەرینی خستە نێوان دنیاگەرایی و دین گەرایی. رەوتی دەسەڵات گرتنی رۆحانیەت لە خولی سەفەویەکان دا گەیشتە ئاستێك کە دەسەڵاتدارانیش نەیاندەتوانی بە سانایی دەستێوەردانی کاروباری ئەوان بکەن. بەڵام مەیلی قاجاریەکان بە مۆدێرنیزاسیۆن، بۆشاییەکی خستە نێوان رۆحانیەت و دەوڵەت. نوێکردنەوە بە سەبکی رۆژئاوایی لە کاتی دەسەڵاتداری رەزا شا دا رۆحانیەتی خستە تەنگانەیەکی جیدی. مۆدێرنیزمی پشت بەستوو بە یاسای رۆژئاوایی، رۆڵی شەرعی ئیسلامی لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا کەمرەنگ کردەوە. دەوڵەتی پەهلەویش هەر ئەو کارەی بە شێوەی سەپاندنی سکولاریزم و دژایەتی لە گەڵ دەسەڵاتی رۆحانیەت دا ئەنجام دا.

لە خولی کۆماری ئیسلامی دا، رۆحانیەت وەکو چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵگا، دەسەڵاتی پاوان کردوو و دەسەڵاتداری بە سەر خەڵك دا مافی شەرعی و ئیلاهی خۆی لە قەڵەم دا. شۆرشی 57 کە یەکێ لە دەرەنجامەکانی مۆدێرنیزمی پەهلەوی بوو، زەمینەی بۆ دەنگدانەوەی دژ بە مۆدێرنیستی کۆمەڵگای سوننەتی رەخساند. لە بەر ئەوەش مەیلی ئایدۆئۆلۆژیکی موحافیزەکاری توانی لە بەرامبەری بەلیمەت گرایی(ئاریستۆکراتی) کە نێزیکایەتیەکی پتری لە گەڵ جیهانی مۆدێرن و ئامانجەکانی دیمۆکراتیك دا هەبوو، بەرەنگاری بکا. بی درێژەدان بە پاوانخوازی سیاسی و ئۆلیگارشی دەسەڵات، ناگونجاوی دەسەڵاتی سوننەتی لە گەڵ بنەما دیمۆکراتیکەکانی هاوچەرخ پتر خۆی نواند. دەسەڵاتی خەڵك بە سەر خەڵك، تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێ کە رەگی دەسەڵاتداری لە نێو خودی خەڵکەوە رووابێ. بەڵام لە کۆمەڵگای ئەورۆکەی ئێران دا لە لایەکەوە دەسەڵاتی خەڵك بە سەر چارەنووسی خۆیان و لە لایەکی دیکەشەوە ئەسڵی وەلایەتی ئەمر و ئیمامەت هاتۆتە ئاراوە. ئازادی دەنگدان و ئەم ئەسڵە هیچ جۆرە پەیوەندیەکیان پێکەوە نیە.

لە کۆماری ئیسلامی دا دەسەڵات مۆرەی سەرەکی و سەرەتا و کۆتاییشە و هەر سێ هێزەکە بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە گرێدراوی وەلایەتی فەقین. هەر جۆرە رادەربرینێك ئەگەرچی بە رای زۆرینەی خەڵکیش بێت، بەڵام ئەگەر وەلی فەقی و موجتەهید رەتی کاتەوە و دانی پیا نەنێ، بە هیچ کلۆجێك ئیزنی راپەراندنی پێ نادرێت. هێزی باڵادەستی رۆحانیەت تەنیا لە سەر بنەمای بروای دینی، سنووری دین و سیاسەت تاوتوێ دەکەنەوە. لە حاڵێك دا کە بە گوێرەی پێویستیەکانی عەقڵانی و لۆجیکی چاك کردنەوە و گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئیستیدلالێکی هەرە پێویستە.

سیاسی بوونی دین، هۆکاری بە کار هێنانی ئامێری دینە لە پێناوی دابین کردنی بەرژەوەندی چینێکی تایبەت. بە دینی بوونی سیاسەت، ئەو قاڵبە دینیانە سنوورێکی پاوانکراو بۆ سیاسەت دەستنیشان دەکەن ودەرەنجام ئاستی گەشەی سیاسی لە وڵات دا دادەبەزێ. لە رەوتی تێهەڵکێشانی دین و سیاسەت دا، ئازادی ئەندێشە و رەخنە کە دوو مەرجی سەرەکی پێشکەوتنی کۆمەڵگان، سنووردار دەکرێن و زەمینە بۆ ریاکاری و بیری دماگۆژی فەراهەم دەبێت. دەستێوەردانی دین لە سیاسەت هۆی پێك هاتنی چەشنێ تئۆکراتی و ئۆلیگارشی رۆحانی و فراوانتر بوونی ئەو کەلێنانەیە کە ئێستاکە لە نێوان مەزهەب و چینەکانی کۆمەڵگای ئێران دا بە دی دەکرێت. لە راستی دا یاسا شەرعیەکان لە گەڵ گۆرانکایەکانی کۆمەڵگا و ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ هاوئاهەنگ نین و رەهاگەری و عەوام فریوی و چەن لایەنە بوونی مەشروعیەتی سیاسی و دەرنەبردنی کەمینەکان و جیاوازی لە دواهاتەکانی ئەم بابەتەن.

بە نیازی تێپەربوون لە سیستەمێکی ئاوەهادا، دامەزراندنی نیزامێکی سکولار لە مەرجە هەرە سەرەکیەکانی گەشەی دیمۆکراسیە. جیایی دین لە سیاسەت لە تەواوی بوارەکان دا لە ئامانجە سەرەکیەکانی نیزامێکی سکولارە . ئاوەها نیزامێك هیچ کات لە ژێر کاریگەری بیرە مەزهەبیەکان دا نابێ و دینیش لە کۆنترۆڵی خۆی ناگرێت.

دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و بونیات وپێکهاتەی ماف و یاساکانی کۆماری ئیسلامی لایەنی ئایدۆئۆلۆژیکیان هەیە و لەودا مافی دەسەڵات لە چوارچێوەی دین و سوننەت دا جێگیر دەبێ. گەڵاڵە کردنی دەسەڵاتی سیاسی بە پێی دین و شەرع، سنووردار کردنی دەسەڵاتی هێزی راپەراندن لە چوارچێوەی حوکم و رێسا ئیسلامیەکان، گەیشتن بە مەشروعیەتی شەرعی بە پێی دەسەڵاتی تئۆکراتیك_کاریزماتیکی دامەرزراوەی وەلایەتی فەقی، سنووردار

خوازی لە ئەنجومەنی پارێزگاری و سنووردار کردنی دەسەڵاتی پەرلەمان،هەموو ئەو هۆکارانەن کە دەستیان بە دەستی یەك داوە تا دەسەڵاتی سیاسی ئێران توانای وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی کۆمەڵگای نەبێ.

بە دەربازبوون لە سیستەمی دین سالار و دامەزراندنی حکوومەتی لائیك بە جیایی دین لە سیاسەت و دنە دان و چالاك کردنی دامەزراوە مەدەنیەکان ، گوتاری شارستانیەتی دیموکراتیك لە چوارچێوەی پایەبەندبوون بە یاسا دیمۆکراتیکەکان، مەشروعیەتی خۆی بە دەست دێنێ.

## ب)دامەزراندنی کۆماری فیدراڵ دیمۆکراتیکی ئێران:

جۆراوجۆری و زۆربوونی کێشەکانی ئێران و پێویستی بە چارەسەریان لە بەستەرێکی دیمۆکراتیك دا، پێویستی بە دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵی کە نێزیکترین مۆدێلی بەرێوەبردن بە شێوەی دیموکراسی راستەقینەیە، ئاشکرا دەکا. بناغەی ئەم کۆماری فیدراڵ دیمۆکراتیکەش لە تەوەری ئەو یاسا بنەماییانەیە کە لە گەڵ بونیاتی موزاییکی ئێران دا دەگونجێ و ماف و ئازادی و دەرفەتی بەرامبەر بۆ گەشەی "نەتەوەیی_کەلتووری_ ئابووری و کۆمەڵایەتی" نەتەوە و کەمینەکانیش دەستەبەر دەکات. بەشی بەرامبەر و بەشداری تەواوی نەتەوە و گرووپە ئەتنیکەکان لە ئیدارەی کاروباری هەرێمە فیدراڵیەکان دا ئەبێ بە هۆی گەشەی هەمە لایەنە و بەربڵاو و دەستەبەر بوونی ئازادی گەرەنتی بووی یاسایی. هەموو ئەم دەسکەوت و پێشکەوتنانەش لە پێناوی بە هێز کردن و چاك کردنی ئێرانی دیمۆکراتیك و فیدراڵە.

## ج) ستراتژی بەرگری مەشروع:

یەکێ لە گرفتە سەرەکیەکانی دیمۆکراسی هاوچەرخ، مەسئەلەی بەرگری مەشروعە. بەرگری مەشروع مافێکی بە تەواوەتی بەڵگەنەویست و سروشتیە کە لە یاسا و بریارنامە جیهانیەکانیش دا مسۆگەر بووە. لە ناوەرۆکی تەواوی ئەم برِیارنامانەدا، کەڵك وەرگرتن لە مافی ناوبراو مەشروعیەتێکی تەواوی هەیە.

رژێمی ئێستاکەی ئێران بە تەواوی هێزی خۆیەوە بەرەنگاری خواست و ویستە کانی گەلی کورد و گەلانی دیکە و دامەزراندنی کۆماری فیدراڵ دیمۆکراتیکی ئێران دەبێ و بۆ ئەم مەبەستەش سیاسەتی تەگەرە دانان و توندوتیژی و هێرشی گرتۆتە بەر. هەر بۆ ئەوەش پێویستە ئەم ستراتژیە لە هەموو ئاستەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ژینگە و ... هتد بووژێتەوە. لەم رێگەشەوە دەتوانین بە هەڵوێستی گونجاو و کاریگەر هەڵوێستە پاشکەوتووەکان و کارە گرفت سازەکانی رژێم پووچەڵ بکەینەوە.

ستراتژی بەرگری مەشروع وەکو یەکێ لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی گۆرانکاریە دیمۆکراتیکەکان، بە مەبەستی پێشکەوتن و پەرەسەندنی خەبات و رێکخستنی نەتەوە و گرووپە کۆمەڵایەتیەکان و ژنان و گەنجان و سرینەوەی ستراتژی توندوتیژی رژێم بۆتە بنەما و ئەساس و کەڵك وەرگرتن لەم مافەش تا ئەو دەمەی کە بە هەموو ئامانج و بەرژەوەندیە دیمۆکراتیکەکانمان دەگەین، دەبێ درێژەی هەبێت.

## **ئامانج و ئەرکەکانی گۆرانکاری دیمۆکراتیك:**

ئ) تێپەربوون لە سیستەمی دین سالار و رەت کردنەوە و سرینەوەی ئەو سیاسەتانەی دژی ماف و ئازادیە مرۆڤایەتیەکانی و پێك هێنانی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیك لە چوارچێوەی یەکێتێکی فیدراڵ دا.

لە سەر ئەمەوە:

له پێناوی به دی هێنان و گەشەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی، پێویستە داکۆکی له رێکخراوە دیمۆکراتیکەکانی ژنان و گەنجان و کرێکاران و فەرمانبەران و سەندیکا و گرووپە جۆریەکانی دیکەش بکرێ و بۆ پەرەسەندنی دامەزراوە نوێکان هەوڵ بدرێت. له بەر کۆسپ و تەگەرەکانی رژێم و بەکرێگیراوەکانی ئەو، دەبێ به وشیاری و زانست له مافی بەرگری مەشروع، خەڵك بۆ رێکخستنی دیمۆکراتیك دنه بدرێن و له هەموو جێگایەك نافەرمانی مەدەنی پەرە بستێنێ.

پێویسته هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان و هێزە سیاسیەکانی لایەنگری دیمۆکراسی له ئێران، به شێوەی بلۆکی دیمۆکراسی بێنه نێو سیستەمەوە.

پێویسته بۆ لابردنی تەواوی لاخوازیەکان و ئەو بونیاتانەی که له سەر بنەمای سوننەت گرایی و فاناتیزمی دینی و شۆڤینی دامەزراون و بۆ سەر رێگای دیمۆکراسی هاوچەرخ دەبنه لەمپەر، هەوڵی جیدی بدرێت.

دەبێ ئەو دەرفەته به گەلانی ئێران بدرێت که ئازادانه بەشداری له سیستەمێکی سیاسی دیمۆکراتیك بکەن. دەبێ مادە سەرەکیەکانی "مافی مرۆڤ" یش بکرێن به بنەما و خاڵ و برگه دەستوورییەکانیش له سەر بنەمای ئازادی و مافه جیهانیەکان و پێودانگه دیمۆکراتیکەکان پەسند بکرێ.

پێویسته له گەڵ هەر جۆرە گوشار و زوڵم و زۆری هێزەکانی رژێم بەرەنگاری بکرێت.

دەبێ بۆ سەقامگیر بوونی سیستەمێکی مامنێوەندی له نێوان کۆمەڵگا و سروشت دا، به بەکارهێنانی ئامێره زانستی و تەکنەلۆژیاییەکان له پێناوی خزمەت به مرۆڤایەتی و پاراستنی ژینگه له چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و زانستی دا و بەم شێوەش رەخساندنی زەمینه بۆ کۆمەڵگا و ژینگەیەکی پاك و خاوێن هەوڵ بدرێت.

ب)پێك هێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیمۆکراتیك له چوارچێوەی کۆماری فیدراڵ دیمۆکراتیکی ئێران:

له سەر ئەمەوە:

دامەزراندنی کۆماری فیدراڵ دیمۆکراتیك که هەموو گەلانی ئێران وەکو فارس و کورد و ئازەری و بەلووچ و تورکمان و عەرەب ... لەودا بەشدار بن. مافی بەشداری دیمۆکراتیك دەبێ له دەستووری هەمیشەیی دا به رەسمیەت ناسرابێ و گەرەنتی بکرێت.

تێپەر بوون له شێوەی بەرێوەبەرێتی ناوەندگەرا (سەنترالی) و پێك هێنانی پەرلەمانی فیدراڵ له چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵ دیمۆکراتیك و چەسپاندنی ئەو یاسانەی پەیوەندیان به هەرێمەکانەوە هەیە، له پەرلەمان دا.

پەسند کردنی دەستووری هەمیشەیی له پەرلەمانه فیدراڵییەکان له سەر بنەمای پێودانگه جیهانیەکانی مافی مرۆڤ . بەجۆرێك که هەموو مافه سیاسی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی گەل و تاك پارێزرابێت.

پاراستنی مافی ئازادی دوان و ئەندێشه و ئازادی مێدیاکان له یاسا بنەمایی و هەرێمیەکان دا و دەستەبەر کردنی خێرای ئەو ئامێرانەی پێویسته بۆ زانیاری و پێشکەوتنی زانست، بۆ هەمووان.

پاراستنی مافی پێك هێنان و دامەزراندنی حیزبه سیاسیەکان و سەندیکا و ناوەنده جۆراوجۆرەکان و دەستەبەر کردنی ئازادی پێکهاتەیی، بۆ پێشکەوتنی بەشداری گشتی له سیستەمی سیاسی دەوڵەت.

سنووردار کردنی دەسەڵاتی ئەرتەش و کەم کردنی بودجەی سەربازی و وەدەرخستنی ئەوان له فۆرمێکی هەرِەشەگەرانه و گۆڕینەوەیان به هێزێکی پارێزەری ئاشتی و ئەمنی کۆمەڵگا.

هەوڵی هەمه لایەنه بۆ دەستەبەر کردنی ئاشتی، و دژایەتی له گەڵ هەر جۆرە رێکەوتنامەیەکی سەربازی که دەبێ به هۆی ناهاوسەنگی ئەمنی له ئاستی ئێران و ناوچه و جیهان دا.

دابەشکردنی بەرامبەر و دادگەرانەی داهات و سەرچاوە سروشتیەکان و دارشتنی سیستەمێکی ئابووری گونجاو که بەرژەوەندی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانیشی له بەرچاو گرتبێ و بەم جۆرە ببێ به مایەی ئەمن و ئاسایش و گەشه سەندنی کۆمەڵگا.

دنەدانی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەت گوندنشینەکان بۆ پێك هێنانی تەعاونیە ئابووریەکان.

پێشخستنی چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای مۆدێرن و پشتگیری لە کۆنترۆڵی وزەی ناوەکی و لە ناو بردنی چەکە کۆکوژەکان.

پێشخستنی سیاسەتی پاراستنی ژینگە و دەورووبەری سروشتی.

دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی تەئمینی دەرمانی و کۆمەڵایەتی بۆ گەرەنتی کردنی مافی ژیان و کاروباری هەموو تاکەکان.

گەڵاڵە کردن و راپەراندنی پرۆژە جۆراوجۆرەکانی کارخوڵقێن و کەم کردنەوەی ئاستی بێکاری و هەژاری ئابووری و پێشگیری لە قەیرانی هەڵاتنی مێشکەکان بۆ دەرەوە.

پێك هێنانی چالاکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و فێرکاری بۆ گەشەی فیکری و دەروونی و بەدەنی گەنجان و دەستەبەر کردنی ئامێرە پێویستەکانی بەشداری لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

پێك هێنانی سیستەمێکی فێرکاری_کەلتووری کە تێیدا تاك و کۆمەڵگا ئازادانە پەروەردە ببینن.

بەرز کردنەوە و هەوڵ بۆ گەشە پێدانی ئاستی وشیاری تاك لە بوارەکانی ماف و یاسادا.

هەوڵ دان بۆ پێشخستنی ئازادانەی هونەر و ئەدەبیات و وەرزش.

نوێکردنەوەی ناوچە بێ بەشەکانی کوردستان.

ج)پێویستە لە سەدەی بیست و یەکەم دا کە خولی ئازادی ژنە، سیستەمی پیاوسالار بە شێوەیەکی بناغەیی گۆرانکاری تێدا بکرێ و بەم جۆرە بە سەردەمی نابەرابەری سەبارەت بە ژن کۆتایی بێت و هەموو ماف و ئازادیەکانی دەستەبەر بکرێن.

لە سەر ئەمەوە:

پێشخستنی خەباتی ئازادیخوازی ژنان وەکو یەکێ لە رەوتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی ئامانجەکانی ئەو چینە.

پەرەپێدانی رێکخراوی سەربەخۆی ژنان و هەوڵ بۆ پێك هێنانی دامەزراوە یاساییەکانی وەکو نوسینگە و ئاکادمیا و وەقفەکان.

خەبات بۆ لابردنی ئەو یاسانەی کە گوشار و دەسەلاتی بەردەوار لە سەر ژن بە رەوا دەزانن و دامەزراندنی رێکخراوە دیمۆکراتیکەکانی پارێزەری مافی ژن.

لە ناو بردنی ئەو نابەرابەریانەی کە تێروانینێکی دینی_مەزهەبیان هەیە و پایەبەند بە دەسەڵاتی پیاوسالارانە بە سەر ژنن، و بە دەست هێنانی مافی بەرابەری بۆ ژنان.

لایەنگری لە بەشداری بەرابەر و ئازادی ژن لە تەواوی بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دا.

خەبات بۆ لە ناَو بردنی ئەو بازرگانی و رانتانەی کە لە سەر ژن دەکرێن.

د): چارەسەری دیمۆکراتیکی کێشەی کورد لە ئێران

له سەر ئەمەوە:

چارەسەری کێشەی کوردستان لە سەر بنەمای فیدراڵیزمی جوگرافیایی و نەتەوەیی کە لەودا تەواویەتی عەرزی کوردستان پارێزرابێت.

پووچەڵ کردنەوەی هەر جۆرە سیاسەتێکی تەفویس و ئاسیمیلاسیۆن لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام.

داکۆکی کردن و گەرەنتی کردنی مافی بەشداری ئازادانەی کورد لە یەکێتی فیدراتیوی دیمۆکراتیکی ئێران لە ڕێگەی پەرەپێدانی ڕێکخراوە جەماوەریەکان و ڕێکخستنی چینە جۆراوجۆرەکانی گەلی کورد لە ئێران.

هەوڵ و تەقالا بۆ بەرز کردنەوەی پایەی ئیرادە و وشیاری دیمۆکراتیکی گەلی کورد و بەشداری لە ئیدارەی دەوڵەت.

هەوڵی جیدی بۆ پێك هێنانی سیستەمێکی فێرکاری بە زمانی یەکەی کوردی و بە کار هێنانی لە ڕێگەی هەموو هێزە نەتەوەییەکان لە هەموو بوارەکانی بڵاوکردنەوە و مێژوویی و کەلتووری و هونەری و ...هتد و گەشە پێدانی ئەو.

هەوڵ بۆ ئاشکرا کردن و روون کردنەوە و رانانی مێژوو و کەلتووری کوردی لە ئێران و پاراستنی میراتی مێژوویی_کەلتووری کورد و گەراندنەوەی ئاسەواری دزراو. بۆ ئەم مەبەستەش، پێك هێنانی دامەزراوی تایبەتی گەشەی کولتووری لە کوردستان.

لە ناو بردنی هەموو ئەو کاریگەریانەی کە کەلتوور و داب و نەریتی عەشیرە گەرایی_فیۆداڵی لە سەر کۆمەڵگای کوردەواری دایناوە.

هەوڵ بۆ لە ناو بردنی ئەو ڕێکخراوە و دامەزراوانەی کە لە ناوچە کوردنشینەکان دا بنج و بناوانیان داکوتاوە، وەکو ڕێگە و ناوەندەکانی بەسیجی شار و لادێ.

هەوڵ بۆ گەرانەوەی ئەو هاووڵاتیە کوردانەی کە بە هەر هۆیەکەوە پەنابەری وڵاتانی دیکەن و هەروەها دەستەبەر کردنی پێویستیەکانی ژیانیان و داکۆکی کردن لەوان.

بەرگری و داکۆکی کردن لە بەشداری دیمۆکراتیکی ئەو تاك و ئەو گرووپانەی کە بە هۆکاری جۆراوجۆر بە نایاسایی ناو براون، لە ئاستی سیاسی وکۆمەڵایەتی و لە سەر ئەساسی مافی هاووڵاتی بوون، و قەرەبوو کردنەوەی مافە لە دەست چووەکانیان.

ە)پەرەپێدانی پەیوەندی و یەکێتی نەتەوەیی کورد و پێك هێنانی سیستەمی پەیوەندی دیمۆکراتیك لە گەڵ خەڵکی کوردی نیشەجێی بەشەکانی دیکەی کوردستان:

لەسەر ئەمەوە:

چارەسەری کێشەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بە پێی هەل ومەرجی ئەو بەشە.

هەوڵ بۆ هاوکاری و پشتیوانی لە هێزە دیمۆکراتیکەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و ساز دانی پلاتفۆرم و دامەزراندنی ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی پشت بەستوو بە بەرنامە و ڕێکەوتنە هاوبەشەکان.

گەڵاڵە کردنی هەڵوێستی گونجاو بۆ داکۆکی لە مافە سەرەکیەکانی کوردە کۆچەر و پەنابەرەکان.

پشتگیری و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان.

ر) کار پێ کردنی ستراتژی یەکێتی دیمۆکراتیك و پەیوەندی ئازادانەی گەلانی ئێران بۆ بە دی هێنانی یەکێتی فیدراتیوی دیمۆکراتیکی ئێران و پەیوەندی و هاوکاری لە گەڵ هێزە دیمۆکراسی خوازەکانی ناوچە و جیهان.

لە سەر ئەمەوە:

گرێبەستی پەیماننامە لە گەڵ لایەنگرانی دیمۆکراسی لە ئێران لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و مافە نەتەوەییەکانی کورد.

پەرەپێدانی پەیوەندی دیمۆکراتیك لە نێوان گەلانی ئێران بە پشت بەستن بە خاڵە هاوبەشەکانی کەلتووری و مێژوویی و بە هێز کردنی ئەوان.

هاوکاری بۆ رێکخستنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و کاناڵیزە کردنی پتانسیێلی ئەوان لە پێناوی گۆرانکاریە دیمۆکراتیکەکان.

رێز دانان بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینی هەموو نەتەوەکانی ئێران.

خەبات بۆ لە ناو بردنی تیرۆریسم بە تەواوی لایەنەکانیەوە.

خەبات بۆ لە ناو بردنی مافیای نێونەتەوەیی و سنووردار کردنی چەکە کۆکوژەکان.

## پەیرەونامەی رێکخراو

### بەشی یەکەم: بنەما گشتیەکان

(YDK)ناوی رێکخراو: یەکێتی دیمۆکراتیکی کوردستان

نیشانی رێکخراو: ئاڵای شین بە هەتاوێکی زەرد رەنگ لە نێوی دا و بە 21 تیشکی گەورە و 21 تیشکی بچووك

ئامانجەکانی رێکخراو: رێبازی شارستانیەتی دیمۆکراتیك وەکو رێبازی سەرەکی خۆی قبووڵ دەکا و ئامانجە سەرەکیەکانی بریتین لە: هەوڵ دان بۆ تێپەربوون لە سیستەمی دین سالاری دەسەڵاتداری ئێران و چارەسەری کێشەی کورد و لە ناو بردنی کاریگەرییەکانی سیستەمی فیۆداڵی و پێشخستنی ژیانێکی ئازاد و دیمۆکراتیك لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵ بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئازادیەکانی هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکان و پێشخستنی پەیوەندی و یەکێتی دیمۆکراتیك لە گەڵ گەلی کوردی نیشتەجێی پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەوڵ و تێکۆشان بۆ پەیوەندی ئازادانە لە نێوان گەلانی ئێران دا.

### بەشی دووهەم: ئەندام بوون

ئەندام کێیە:  ئەو کەسەی کە بەرنامە و پەیرەونامەی رێکخراو قبووڵ دەکا و بەرپرسیارێتی راپەراندنی مادەکانی لە ئەستۆ دەگرێ، بە ئەندامی رێکخراو ناودێر دەکرێ.

چۆنیەتی ئەندام بوون: بە دوو شێوەی پرۆفیشناڵ و نیوە پرۆفیشناڵە:

ئ) ئەندامی پرۆفیشناڵ ئەو ئەندامەیە کە بە ویست و ئیرادەی ئازاد و دیمۆکراتیکی خۆی و لە سەر بنەما گشتییەکانی ئیرادەی رێکخراو، ئەرکە رێکخراوەییەکان رادەپەرێنێ و بە گوێرەی پێویستیە گشتیەکانی خەبات لە کار پێ کردنی بنەما تاکتیکییەکان بە شێوەی سیستماتیك لە یەکێ لە ئۆرگانەکانی رێکخراو چالاکی دەنوێنێ.

ب) ئەندامی نیوە پرۆفیشناڵ ئەو کەسەیە کە بە شێوەی بەش کات و بە بەشداری دیمۆکراتیك لە بە دی هێنانی ئامانجەکانی رێکخراوە، لە یەکێ لە بوارەکان دا چالاکی دەکا.

3) تایبەتمەندیەکانی ئەندام:

ئ) پێوەندگە دیمۆکراتیکەکانی هاوچەرخ و ماف و ئازادیە مرۆڤایەتیەکان دەکاتە بنەمای کاری خۆی و هەوڵ دەدا بۆ گەشە سەندن و پەرەپێدانیان لە کۆمەڵگا دا.

ب) بروای بە دیمۆکراسی و ئازادیەکانی تاك و کۆمەڵگا هەیە و لە سەر شێوازی سیاسەتی وڵات پارێزانە مکورە و بە کردەوەش دەیسەلمێنێ.

ج) بەپێی پرەنسیپە بەشدارانەکانی دیمۆکراتیك و کۆمەڵگەرایی چالاکی دەکا.

د) دژ بە جیاوازیە جۆری ودینی و زمانی و رەگەزیەکانە و بۆ پێناسەی گەلانی دیکە رێز دادەنێ.

ە) دژ بە شۆڤێنیزم و فاناتیزمی دینی و هەر جۆرە دواکەوتوویەکە و مرۆڤێکی لایەنگری ئازادی و یەکێتی دیمۆکراتیکی گەلانە.

و) سەمبۆلی ئەخلاقی دیمۆکراتیکی نوێیە و راست و دروستە و بە ویستی خۆی لە کارە گشتییەکان دا بەشداری دەکا.

ز) پایەبەند بە بایەخە مادی و مەعنەویەکانی رێکخراوە و بۆ خۆی پێودانگ و برِوا و شۆری شۆرِشگێرِی هەیە.

ح) لە چالاکیەکانی دا رەنج و تێکۆشان بایەخێکی بەرزی هەیە و بۆ تێکۆشان و خەباتی ئەوانی دیکە رێز دادەنێ.

پ) کەسایەتیەکی بە بەرنامە و کارخوڵقێن و رێك وپێك و لایەنگری بیری زانستییە.

ی) دیدێکی کراوەی سەبارەت بە ژینگە هەیە و لایەنگر و پارێزەری دەوروبەری سروشتیە.

ك) بەرەنگاری هەر جۆرە مەسەلەیەك دەبێ کە سەرچاوە لە نابەرابەری دەگرێ و لە ژیانی رۆژانە و پەیوەندی لە گەڵ ئەوانی دیکە دا کەسایەتیەکی دادگەر و ئازادیخوازە و لە بەرامبەری هەر جۆرە دواکەوتوویی کە سەرچاوە لە سیستەمی دسەڵاتداری پیاوسالارانە دەگرێ رادەوەستێ.

ل) لە بەرامبەری کەمایەسی و هەڵەکانی دا بوێری رەخنە گرتن لە خۆی پیشان دەدا.

4) مافەکانی ئەندام:

ئ) مافی رادەربرِین و هەڵبژاردن و هەڵبژێردرانی لە هەر ئاستێك دا هەیە.

ب) لە کۆبوونەوە رەسمیەکان دا مافی رەخنە گرتن و پێشنیار کردنی پێ دەدرێت.

ج) مافی دەربرینی بیروبۆچوونەکانی لە هەموو شوێن و بابەتەکان دا هەیە و لە رێگەی بەشداربوون لە کۆبوونەوە ڕەسمیەکانیش دا دەتوانێ بە بوونی خۆی کارتێکەر بێ.

د) ئەگەر رەخنەیەکی لێ گیرا یاخود بە هۆیەکەوە تۆمەتبار کرا، لە چوارچێوەی بنەماکانی رێکخراوەدا مافی بەرگری لە خۆی هەیە و ئەگەر مافێکیشی پێشێل کرا، دەتوانێ وەڵامخوازی بکا و مافە لە دەست چووەکەی قەرەبوو بکاتەوە.

ە) لە پەیوەندی بە چالاکیەکانی رێکخراوە دەتوانێ زانیاری بخوازێ و لە کەسایەتیەکان و ئەو دامەزراوانەی گرێدراوی رێکخراون و هەر وەها لە رووداوەکان، داوای روون خوازی بکات. ویستی روون خوازی پێویستی بە پەسند کردن لە کۆبوونەوە فەرمیەکان هەیە.

(و) مافی بەشداری کردن لە وانەکانی پەروەردەی هەیە( بە گوێرەی هەل ومەرجی رێکخراو).

ی) لە بەر ئەو گرفتانەی بە هۆی ئامانجەکانی رێکخراوەوە تووشی هاتووە مافی کەڵك وەرگرتن لە تواناکانی حیزبی هەیە.

## 5) ئەرکی ئەندامان:

ئ) بۆ کارپێکردن و راپەراندنی رێباز و ئامانجە دیاریکراوەکانی بەرنامەی رێکخراو، بە فیداکاری و خۆراگری چالاکی دەنوێنێ.

ب) بەو سیاسەت و تاکتیکانەی کە لە رێکخراوە دا دیاری کراون پایەبەندە و خەباتیان بۆ دەکا.

پ) ویست و برِیارەکانی رێکخراو رادەپەرِێنێ و بە پێی پەیرِەونامە و پێودانگ و بنەما ئەخلاقیەکانی چالاکی دەکا.

ج) رێبازی شارستانیەتی دیمۆکراتیك فێر دەبێ و بە پێی بنەما فەلسەفی و سیاسی و تاکتیکیەکان دەوروبەرەکانیشی فێر دەکا.

د) لە چوارچێوەی دیسپلێن و رێك و پێکی ریکخراوە دا چالاکی دەکا.

ە) ئەو ئەرکانەی کە لە ئەستۆی ئەندامان دایە بە باشی پێکی دێنێ و بۆ بایەخە مەزنەکانی گەل و نەتەوەی رێز دادەنێ و لەو دەسەڵاتەی کە لە لایەن ریکخراوەوە پێی دەدرێت خراپ کەڵك وەرناگرێ.

و) بایەخە مادی ومەعنەویەکانی رێکخراو و بەرژەوەندیە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دەپارێزێ.

## 6)ئەندام بوون و لێ سەندنەوەی ئەندام بوون:

ئ) ئەو کەسەی بیەوێ بە ئەندامێتی رەسمی رێکخراو دەربێت، پێویستە کە بە شێوەیەکی کەتبی یان شەفایی داوانامەی خۆی بخاتە بەردەم یەکێ لە ئۆرگانەکانی رێکخراو. پاشان بە را و ویستی ئەو ئۆرگانە و لە دوای لێکۆڵینەوەی پێویست، لە ماوەی یەك مانگ دا بە شێوەی کەتبی یا شەفایی وەڵامی دەدرێتەوە.

ب) هەر ئەندامێك بۆ وازهێنان لە کار لە رێکخراوەدا، پێویستە بەڵگەنامەی خۆی بە شێوەیەکی کەتبی بخاتە بەردەم ئەو ئۆرگانەی کە لەوێرا چالاکی دەکا. لە دوای رێککەوتنی کۆردیناسیۆنی رێکخراو، کاردانەوەی پێویست ئەنجام دەدرێت.

## بەشی سێهەم: بونیات و پێکهاتەی رێکخراو

### 1) کۆنگرە:

ئ) باڵاترین ئۆرگانی بریاردانی رێکخراو کۆنگرەیە. کۆنگرە هەر دوو ساڵ جارێك و بە بەشداری لانی کەم دوو لە سەر سێی ئەندامانی هەڵبژێردراو پێك دێ.

ب) کۆنگرە بە ویستی دوو لە سەر سێی ئەندامانی کۆردیناسیۆن یا لە سەر داوای یەك لە سەر سێی ئەندامانی رێکخراو، بە رێککەوتنی کوردیناتۆری رێکخراو بە شێوەی نائاسایی پێك دێ.

ج) ئەندامانی هەڵبژێردراو لە هەموو ئۆرگانەکانی رێکخراو بە پێی رێژە و لە رێگەی دەنگدانەوە لە کۆنگرە بەشداری دەکەن.

د) کۆنگرە لەمەر بەرنامە و پەیرەونامەی رێکخراو بریاری خۆی دەدا و سیاسەتە گشتیەکانی داهاتووی رێکخراو دیاری دەکا و کارکردەکانی رابردوو هەڵدەسەنگێنێ و ئەندامانی کوردیناسیۆن و کوردیناتۆری رێکخراو هەڵدەبژێرێ.

ە) ئەگەر پێویست بوو، بۆ نرخاندنی هەل و مەرجی سیاسی و هەڵوێستی گونجاو _ دەرەوەی گۆرانکاری لە بەرنامە و پەیرەونامە و بۆ لابردن یا هەڵبژاردنی ئەندامانی کوردیناسیۆن_ کۆنفرانسی نائاسایی حیزب ساز دەدرێ. کۆنفرانسەکان بە پێشنیاری دوو لە سەر سێی ئەندامانی کوردیناسیۆن و بە پەسند کردنی کوردیناتۆری رێکخراو پێك دێن.

و) لە کاتی پێویستی دا ئۆرگان و رێکخستنەکانی گرێدراوی رێکخراو، دەتوانن بە رای کوردیناتۆر، کۆنفرانسی تایبەت بە خۆیان دامەزرێنن.

### 2) کوردیناتۆری رێکخراو:

ئ) بە رای زۆرینەی کۆنگرە و لە نێوان پاڵێوراوەکان دا هەڵدەبژێردرێت.

ب) لە بەرامبەری کۆنگرە دا بەرپرسیارە و لە ماوەی دوو کۆنگرە دا، وەکو نوێنەری رێکخراو دەناسرێ و راپۆرتی خۆی لەبارەی چالاکیەکانی دەخاتە بەردەم کۆنگرە.

ج) سیاسەتەکانی کۆنگرە بە هاوکاری کوردیناسیۆن رادەپەڕێنێ و بە دوایان دا دەچێ.

د) بەرپرسیارێتی و بەرێوەبەرێتی کۆبوونەوەکانی کوردیناسیۆن لە ئەستۆ دەگرێ.

ە) ئەگەر بە هەر شێوەیەك مرد یا وازی لە کار هێنا و یاخود لە پێك هێنانی ئەرکەکانی دا کۆتایی کرد، تا ئەو کاتەی کۆنگرەی دیکە ساز دەدرێ، کوردیناسیۆن لە باتی ئەو ئەرکەکانی لە ئەستۆ دەگرن.

و) کوردیناتۆر بۆ سێ دەوەرە هەڵدەبژێردرێ و دوای دوو دەورە مافی ئەوەی هەیە کە دیسانەوە خۆی کاندید بکاتەوە.

### 3)کوردیناسیۆنی رێکخراو:

ئ) لە ماوەی نێوان دوو کونگرە دا، کوردیناسیۆن بە هاوکاری کوردیناتۆر، باڵاترین ئۆرگانی راپەراندن و بریاردانی رێکخراون، و بەرپرسیارێتی هەموو چالاکیەکانی رێکخراو لە ئەستۆی ئەوان دایە.

ب) کوردیناسیۆن لە کوردیناتۆر و نوێنەرانی دامەزراو و ئۆرگانەکانی رێکخراو پێك دێ.

ج) کوردیناسیۆن چاودێری چالاکیەکانی دامەزراو وئۆرگانەکانی رێکخراو دەکا و لە هەموو ئۆرگان و پێکهاتەکانی گرێدراوی رێکخراو راپۆرت دەخوازێ و رێنومایيان دەکات.

د) چالاکیەکانی کوردیناسیۆن لە کۆبوونەوە رەسمیەکان دا هەڵدەسەنگێندرێن.

ە) ئەگەر لە رێبازی رێکخراو لایان دا یا گەندەڵی دراوی و ئێداریان لێکەوتەوە، بەرپرسیارێتیان لێ وەردەگیرێ.

## بەشی چوارەم: یاسا و رێسای رێکخراو:

یاسا و رێساکانی رێکخراو لە سەر بنەمای کۆمەڵگەرایی و بەشداری کردن و بەرِێوەبردنی دیموکراتیك دامەزراون.

ئەندامانی بەرِێوەبەرایەتی حیزب، لە رێگەی دەنگدانەوە بەرپرسیارێتیان لێ وەردەگیرێ یان پێیان دەدرێت.

لە دەنگدان و هەموو کاروباری راپەراندن دا، بنەما لە سەر زۆرینەی دەنگە، بە پێشێل نەکردنی را و بۆچوونی کەمینەکان. دیموکراسی ناوخۆیی رێکخراو بە لە بەرچاو گرتنی مافی دیموکراتیکی ئەندامانی رێکخراو جێ بە جێ دەکرێ.

بۆ هەڵبژاردنی بەرێوەبەرایەتی ئۆرگانەکان، لە رەوشی دەنگدانی نهێنی و ژماردنی ئاشکرای رای دەنگدەران کەڵك وەردەگیرێ.

ئەرکی سەرشانی تەواوی پێکهاتە و ئۆرگانەکانە کە لە سەرەوە بۆ خوار، رێنومایی بکەن و لە خوارەوە بۆ سەرێش، راپۆرتی خۆیان بخەنە روو. دامەزراوەکانی سەرەوە لە رێنوماییەکانی خۆیان دا، پێشنیار و دیدگاکانی دامەزراوانی خوارەوە لە بەرچاو دەگرن. بەخشنامە و دەستوورنامەکانی پێکهاتەکانی سەرەوە بە مەرجی پاراستن و قبووڵ کردنی مافی رەخنە گرتن، لە کاتی خۆی دا جێ بە جێ دەکرێن.

ئۆرگانەکانی سەرەوە بە داوای راپۆرت یا بە سپاردنی ئەرکی تایبەت بە ئۆرگانەکانی خوارەوە، ئەرکەکانی خۆیان پێك دێنن.

هەموو دامەزراو و ئۆرگانەکانی رێکخراو، بە شێوەی دیاری کراوی نێوپەیرەونامە و ئایین نامە دا، سەبارەت بە ساز دانی کۆبوونەوەکانی خۆیان بە کار هەڵدەستن. کۆبوونەوەکان بە بوونی لانی کەم دوو لە سەر سێی ئەندامان ساز دەدرێن.

نەهاتن بۆ دانیشتن و کۆبوونەوەکان بە بێ بەڵگەی ئاراستەکراو، پێشێل کردنی یاساکانی رێکخراوە و پێویستە کە بۆ نەهاتنی بەردەوام، کۆمیسیۆنی دادگەری بە دوای دا بچێ.

بەڵگەی نەهاتن بۆ کۆبوونەوەکان دەبێ بە شێوەی کەتبی و بەر لە ساز درانی کۆبوونەوە و بە ئۆرگانی سەر بە ئەو، پیشان بدرێت.

ئەندامانی رێکخراو لە پەیوەندی بە بارودۆخی گشتی و چالاکیەکانی رێکخراو، دەتوانن رەخنە و روانگەکانی خۆیان لە کۆبوونەوە رەسمیەکان دا ئاراستە بکەن. هیچ جۆرە کۆسپێك بۆ مافی رەخنە دانانرێت، بەڵام نابێ بۆ بەرژەوەندیە تایبەتەکان، کەڵکی خراپی لێ وەربگیرێ.

بەشی پێنجەم: کۆمێسیۆنی دادگەری و رێساکانی

لادان لە بنەما ئەخلاقیەکان و رێسا حیزبیەکان، رانەپەراندنی برگەکانی پەیرەونامە، توێژینەوە و پروپاگەندەی دژ بە رێبازی رێکخراو، خراپ کەڵك وەرگرتن لە ماف و رێساکانی حیزب، رانەپەراندنی یاسا و رێسا کاریەکان و پێك هێنانی دردۆنگی لە مەشروعیەتی ئەوان، ئاڵۆزی و ناتەواوی لە بنەماکانی رێکخراو و لە کۆبوونەوەکان دا، ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی رێکخراو، بە زایە دانی بایەخەکانی رێکخراو و شت و مەکەکانی، خراپ کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵات و خاڵەکانی لەو چەشنە، بە پێشێل کردنی یاسا ورێسای رێکخراو دێتە ئەژمار و سزای بۆ دادەنرێت.

فایلی لێکۆڵینەوەی ئەوانەی لە راپەراندنی ئەرکەکان دا کۆتایی دەکەن، لە لایەن ئەو ئۆرگانانەی کە لە پەیوەندی بەوەدان دەنێردرێ بۆبەردەم کۆمیسیۆنی دادگەری.

کۆمێسیۆنی دادگەری لانی کەم لە سێ ئەندام پێك دێت و لە ژێر چاودێری کوردیناسیۆن دا چالاکی دەکا. ئەندامانی کۆمێسیۆن لە لایەن کوردیناسیۆنەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێردرێن و ئایین نامەی ناوخۆیی تۆمار دەکەن. کۆمێسیۆنی دادگەری بە دوای داوا و گرفت و هەڵە دادگەرییەکانی ناوخۆیی رێکخراو دەچێ و بریاری خۆی بە زۆرینەی رەهای دەنگ دەردەبڕێ.

پێویستە هەموو حوکم و رێساکانی کۆمیسیۆنی دادگەری بە راوێژکاری و پەسندکردنی کوردیناسیۆن جێ بە جێ بکرێت.

کۆمێسیۆنی دادگەری بە ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەی پێویست، بە سەرنج دان بە چەشنی دواکەوتن، سزای وەکو: وریا دان، سنووردار کردنی دەسەڵات و ئەرك، بەرکەنار کردن لە دەسەڵات، مۆلەق کردن لە ئەندام بوون و دەرکردنی کاتی یا هەمیشەیی، دادەنێ.

ئەوانەی بە بریاری کۆمیسیۆنی دادگەری نارازین، دەتوانن نارەزایەتی خۆیان بە شێوەی کەتبی بخەنە بەردەم کوردیناسیۆنی رێکخراو. کوردیناسیۆنیش لە دوای تەی کردنی قۆناغە یاساییەکان، کاردانەوەی پێویست ئەنجام دەدەن.

## بەشی شەشەم: داهاتی رێکخراو:

لە مافی ئەندام بوونی ئەندامان.

کۆمەکی و یارمەتی دراوی دۆست و لایەنگرانی رێکخراو.

سەرمایەگوزاری لە کەرتە جیاوازەکان.